Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-8

# ڕۆڵی سەرای سلێمانی و كفری لە بووژانەوەی كەرتی گەشتیاریدا

عەلی هیجران محەمەد غەریب [1], عثمان توفيق فتاح [2]

بەشی شوێنەوار، كۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەكان،زانكۆی سلێمانی

Article Info

| | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

Keywords

كليلی وشە: بیناسازی سەرا، گەشتوگوزار شوێنەواری ، سلێمانی_ كفری ، نوێژەنكردنەوە.

Corresponding Author

ali.gharib@univsul.edu.iq
othman.tawfeeq@univsul.edu.iq

**پوختە:**

شارەكانی سلێمانی و كفری دوو لە شارە گرنگەكانی باشوری كوردستانن، ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە مێژووی ناوچەكەدا. بوونی سەرا لەم شارانەدا ئاماژەیەكی ڕوونە بۆ گرنگی پێگەیان. سەرا بە یەكەیەكی گرنگی شار دادەنرێت، بیناسازیەكەی لە چوارچێوەی بیناسازی كارگێری هەژماركراوە و شوێنی ڕایكردنی كاروباری شاربووە، واتا شوێنی (والی) بووە. سەراكان خاوەن بیناسازی تایبەت بە خۆیانن و بێگومان شێوازی بیناسازی سەراكانی سلێمانی و كفری جیاوازیان هەیە لە ڕووی تەلارسازییەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا هەموو تایبەتمەندی سەرا لە خۆدەگرن.

سەراكانی بە قۆناغی نوێژەنكردنەوەدا تێپەڕیون، لە ئێستادا ئەركی هەردوو سەراكە گۆڕاوە، سەرای سلێمانی لە ئێستادا هیچ ئەركێكی دیاریكراوی نییە، تەنها ئەوە نەبێ چەند چالاكیەكی بچووك تێدا ئەنجام دەدەرێت. بەڵام سەرای كفری لە ئێستادا كراوە بە شوێنی بەرێوبەرایەتی شوێنەواری كفری و وەك سەنتەرێكی گرنگی گەشتیاریش هەژمار دەكرێت، چونكە چەندین كاری هونەری كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەم توێژینەوەیە جەخت دەخاتە سەر هەموو ئەو هۆكارانەی كە پاڵنەرن بۆ گەشەكردنی ئەم جۆرە بینایانە، و بە گەڕخستنیان لە شاردا بۆ ئەركێكی تری كە سەرنجی گەشتیاران ڕابكێشێت.


## پێشەکی:

گەشتوگوزاری شوێنەواری یەکێکە لە جۆرە گرنگەکانی گەشتوگوزار. کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی و کفری بەتایبەتی خاوەنی چەندین هۆکارن بۆ گەشەکردنی لایەنی گەشتوگوزاری شوێنەواری، بۆ نموونە بوونی بینای سەرا، بە یەکێک لە بیناسازییە گرنگەکانی شاری کوردی هەژمار دەکرێت. سەربارى ئەوەی مێژووی دەرکەوتنی ئەم یەکەیە بۆ سەردەمی فراوان بوونی هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە، بوونی لە هەر شارێک هێمایە بۆ بەهێزی و گەورەیی پێگەی ئەو شارە. سەرای شارەکانی (سلێمانی –کفری)ش دوو نموونەی زیندوون کە دەبێت زیاتر ڕۆڵیان هەبێ لە بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکەدا .

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا دەرخستنی گرنگی گەشتیاری شوێنەواریە لە ناوچەکەدا، لەگەڵ دەرخستنی توانا شروشتی و مرۆییەکانی شارەکانی سلێمانی و کفری کە دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری. بەجۆرێک ببێتە سەرچاوەیەکی ئابوری باش بۆ دانیشتوانی ناوچەکە. بۆ ئەم مەبەستە سوود دەبینرێت لە مێتۆدی وەسفی شیکاری سەرچاوەکان و لەگەڵ سەردانی مەیدانی بۆ سەراکانی (سلێمانی – کفری). گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، ڕاستەوخۆ خزمەت بە بایەخدانی زیاتر بە شوێنەوار و بە تایبەتی بە گەشتوگوزاری شوێنەواری و کاریگەری بۆ سەرکەرتی گەشتیاری لە ناوچەکەدا دەکات و دەبێتە هۆی نیشاندان و بەگرنگتر دەرخستنی ناوچەکە بەگشتی و بینای سەراکانی (سلێمانی و کفری) بەتایبەت.

### ١ بیناسازی سەرا:

### ١,١ بیناسازی سەرا:



نەخشەی ژ.( ١) نەخشی شاری سلێمانی لە کۆتای سەدەی ١٩ز سەرچاوە ( سامان مستەفا)

لە پۆلێنی بیناسازی ئیسلامیدا سەرا بە ناوەندێکی سیاسی و کارگێری هەژمار دەکرێت، بەتایبەتی لە چوارچێوەی جۆرەکانی بیناسازی سەربازی کارگێریدا، وەك ناوەندێکە بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات وەک(دار و ئەل ئیمارە لە شاری ئیسلامیدا، کە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا لە چەندین شار دروستکرا لەوانە بەسرە و کوفە، لە پلانسازی ئەم شارانەدا یەکەی دارو ئەل ئیمارە دەرکەوت بۆ مەبەستی کارگێری شار، والی یان فەرماندەی سوپای ئیسلامی تێیاندا ئەمایەوە، (دینوا،٢٠١٤.ص.١٩٣) وشەی سەرا لە بنەڕەتدا وشەیەکی تورکییە، لە فەرهەنگدا بۆ کۆشکی سوڵتان و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بەکار دەهێنرا بۆ بەڕێوەبردنی شار و مانەوە و پشوودان تێیدا، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕانکاری هات بە سەر ئەم وشەیەدا و بۆ ئەو بینانە بەکارهات، بەڵام پێشتر بە سەرا وتراوە (حکومەت قوناغە) لە زمانی تورکیدا. (الحداد، ٢٠٠٢، ص.٢٧٤) (نەخشەی ژ. ١)

کە نەخشەی شاری سلێمانیە لە کۆتای سەدەی (١٩) لەم نەخشەیدا ناوی سەرای سلێمانی بە (حکومەت قۆناغ ناو براوە)، بەواتای (میوانخانەی حکومەت) یان (مسافرخانە)، (الباشا، ١٩٩٠،ص١٨٢) کە بۆ کاری بەڕێوەبردنی شار بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا شێوەی بیناسازی سەرا گۆڕا، لە کۆشکێکەوە بۆ بینایەکی کارگێری تەواو، بە قەبارە گەورە و ژمارەی ژوورەکان زۆرتر بوو، لە ئێستادا وەك بینای پارێزگا، بەڵام لە بری پارێزگا (متەسەرف) ئیدارەی شاری یان سنجەق دەکرد ، (متەسەرف) بەرپرسی یەکەم بوە لە شارداو، بە فەرمانی سوڵتان دەستبەکار دەبوو .(النجار، ١٩٩١،ص٢٠١)

### ١,٢ شێوازی بیناسازیی سەرا (ئەندازەیی سەرا):

دەرکەوتنی شێوازێکی دیارکراو بۆ هەر بینایەک پابەندە بە چەندین هۆکار، وەک هۆکاری جوگرافی و ژینگەیی، ئابووری، سیاسی، سەربازی،(القاصی، ١٩٩٨، ص١٠٧)، بەڵام لە هەمووی گرنگتر، ئەوەیە وەزیفەی یان مەبەست یان ئەرکی ئەو بینایە چییە، بۆ نموونە بینای سەربازی سروشتی و شێوازی خۆی هەیە، وبینای خزمەتگوزاری بەهەمان شێوە.

شێوازی بیناسازی و پلانسازی سەرا لە ڕووی ئەندازە و قەبارەوە پابەندە بە قەبارەی ئەو شارەی کە تێیدا دروست دەکرێت، بێگومان شارە گەورەکان قەبارەی بینای سەراکەیان گەورەترە لە شارە بچووکەکان، بۆ نموونە سەرای شاری بەغدا زۆر گەورەترە لە سەرای شاری کفری کە شارۆچکەیەکی بچووکە.

هەر وەک لە سـەرەتادا ئاماژەمان پێ کرد کە شـێوازی بیناسـازی و پلانی سـەرا پابەندە بە چەندین هۆکار، کە دەبنە هۆکاری دەرکەوتنی بینای سـەرا بە شـێوازێکی جیاواز، بەڵام ئەوەی کە هەیە هەندێ یەکەی بیناسـازی یەکگرتوو لە هەموو بینایەکی سـەرا بوونیان هەیە، بۆ نموونە بوونی حەوشـە یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی بیناسـازی سـەرا، هەندێ کات شـوێنی لە پێش بینای سـەرا دروسـت دەکرێت وەک سـەرای سلێمانی. یان لە پشتی بیناکە وەک سەرای شاری کفری ، بێگومان ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبووە .

بوونی ژووری زۆر لە بینای سەرادا یەکێکە لە تایبەتمەندیە نەگۆڕکانی سەرا، ئەوەش بە هۆکاری ئەوەی ئەرکی سەرەکی بینای سەرا کارگێری بوە بوویە ژووری زۆر یەکێکە لە پێویسـتیە سـەرەکییەکانی ئەم بینایە، مۆرکێکی بینای سـەربازی بەسـەر بینای سـەرا بەگشـتی دەردەکەوێت، بێگومان ئەم شـێوازە بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە سروشـتی ئەم بینایە وەک سـەنتەرێکی گرنگی کارگێری شـار هەژمار دەکرێت، پاراسـتنی لە هەر هێرشێکی دەرەکی یان ناوخۆیی ئەرکێکی پێویستە، بۆیە بینای سەرای کفری لە پێشی بیناکە لە ڕووی بیناسازیەوە زۆر بە تۆکمەیی دروستکراوە .

هۆکاری جوگرافی بەیەک لە هۆکارە بەهێزەکان هەژمار دەکرێت لە دەرخسـتنی جیاوازی لە بینای سـەرا لە شـارەکان، بۆ نموونە کەرەسـتەی بیناسـازی بە ڕوونی بە جیاوازی دەردەکەوێت لە بیناسـازی سـەرا، بەردەسـت بوونی جۆرێک لە کەرەسـتەی بیناسـازی پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵیدا، بۆ نموونە بوونی بەردی مەڵکەندی لە شـاری سـلێمانی بە ڕێژەیەکی زۆر بەکار هاتووە لە بیناسـازی شـارەکەدا و لە بینای سەراشدا، و بوونی بەردی (قایە) لە کفری کە زۆربەی بینای شارەکە ئەم جۆرە بەردەی تێیدا بەکار هاتووە.

**١,٣ مێژووی بینای سەرا :**

دیاریکردنی مێژوویەک بۆ دەرکەوتنی یەکەی بیناسازی سـەرا لە شـاری ئیسـلامیدا ئاسـان نییە، وەکو سـەرا، بەڵام وەک لە سـەرەتا ئاماژەمان پێکرد کە وشـەی سـەرا وشـەیەکی تازەیە لە بیناسـازی ئیسـلامیدا، دەرکەوتنی ئەم چەمکە لە دوای هەژموونی دەسـەڵاتی عوسـمانی بەسـەر جیهانی ئیسـلامیدا. بیناسـازی سـەرا ئەم شـێوازەی کە ئیستا لە شارەکاندا بوونی هەیە زۆربەیان بۆ سـەدەی حەڤدە دەگەڕێنەوە، بەڵام بینای سـەرا وەک ئەرک هەمان ئەرکی بینای (دارەلئیمارەی) شـاری ئیسـلامی هەیە. (غباشی،١٤٠٩ک،ص٦١)، بەڵام بە گۆڕانکاری لە سـسـتەمی حوکمڕانی و فراوان بوونی سـنووری دەوڵەت ئەم جۆرە گۆڕانکاریەی بەسـەردا هات. دەرکەوتنی (دار ئەلئـیمارە) لە شـاری ئیسـلامیدا بۆ سـەرەتاکانی دروسـتبوونی دەوڵەتی ئەمەوی سـەردەمی خەلیفە (مەعاوی کوری ئەبی سـوفیان) دەگەڕێتەوە(النعمان،٢٠٠٨، ص٩٥)، ئەرکی سەرەکی داروئەلئیمارەش ئەوەیە جێگیر بوونی خەلیفە - والی – فەرمانڕەوای شار لەم شوێنە، بۆیە ئەم بیناسازییە لە سیستەمی پۆلێنکردنی بیناسازی ئیسلامیدا لە بیناسازی کارگێڕیدایە. (ئالەیی،٢٠١٢،ص١٧٢) بەشێوازێکی گشتی شوێنی ئەم یەکە بیناسازییە هاوشان، یان بەشێك لە بیناسـازی کۆشـکی میر دەبێت، کۆشـکی میر لە زۆربەی شـارەکان دابەش بووە بۆ سێ بەش، بەشی یەکەم دار و ئەلئیمارە و بەشی دووەم کۆشـکی میوانداری و هەموو چالاکیە دبلۆماسـیەکان، بەشی سـێیەم بەشی (حەریم) بوو تایبەت بەماڵ و خێزانی میر، کە لە زۆر ناوچەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بە کۆشك ناسراوە. (محمد،٢٠١٩،ص٧٧)( عبده، بدون سنة،ص ١٨٦).

شوێنەوار و گەشتوگوزار:

سـەرەتا بە پێویسـتمان زانی کورتەیەک باسی گەشـتوگوزار بکەین بەگشـتی، گەشـتوگوزار بە دیاردەیەکی جیهانیی دادەنرێت، کە توێژەران و پسـپۆڕان دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لە سـەرتاسـەری جیهاندا هەوڵی زۆریانداوە پێناسـەیەکی هاوبەش و ڕێکخراو بۆ ئەم چەمکە بدۆزنەوە، بەڵام بەهۆی فرەڕەهەندی بابەتی گەشـتوگوزار هەمووان ڕا و بۆچوون و پێناسـەی جیاوازیان هەیە بۆ بابەتەکە، ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانیی (W.T.O) دەڵێت: گەشتوگوزار کۆمەڵێ چالاکییە کە کەسێک یان چەند کەسێک دوور لە ناوچەی نیشتەجێبوونی هەمیشـەییان ئەنجامی دەدەن بەمەبەسـتی پڕکردنەوەی کاتەکانی بەتاڵی و حەوانەوە، بەلای کەمەوە شـەوێک و بەلای زۆرەوە سـاڵێک دەخایەنێت بەمەرجێک بەمەبەستی ئیش وکار و بەدەستهێنانی پارە نەبێـت. (عزیز، ئوانیتر، 2021.ل. ١٩) گەشتوگوزار چەندین جۆرە وەک گەشتوگوزاری (ئاینی، وەرزشی، تەندروستی و شوێنەواری) .(الطائی، ٢٠٠٩،ص.٣٠٢)

شوێنەوار و گەشتوگوزار بە یەکێک لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێن کە لە جیهاندا بایەخ و گرنگی زۆریان پێدەدرێت، چونکە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە ئاشـنایی چەندین پاشـماوە و کەرەسـتە و کەلوپەل دەبین، کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا لە سـەردەمانێک بەکاریهێناون. هەروەها ئەو شارستانیە کۆنانە کە ئێستادا تەنیا شوێنەوارەکانیان ماوە، چەندین تایبەتمەندی خۆیان هوبووە لە ڕووی بیناسازی و هونەر و نەخش ونیگاری، لە ئێسـتاشـدا ئەم شـوێنەوارە مێژووییانە گرنگی زۆرییان لەسـەر گەشـتوگوزار و ڕاکێشـانی گەشـتیار هەیە. گەشـتوگوزاری شـوێنەواری بەشـێکی گرنگە لە گەشـتوگوزاری کلتوری (ڕۆشـنبیری)، ئەم جۆرە گەشـتیاریە ئامانج لێی شـوێنەوارو مێژوویی کلتوری کۆن و شارستانیەت و دابوونەریتی نەتەوە کۆنەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش. ڕێکخراوی یونسکۆ بەم شێوازە ناساندنی بۆ کردووە: ئەم جۆرە گەشـتکردنە پەیوەندی بە ئەزموونی کلتورییەوە هەیە، لەوانەش شـوێنە سروشـتیەکان، بینای شـوێنەواری، هونەر و شێوازی دابونەریت و بۆنە تایبەتەکان. (سلیم،٢٠٢٥، ل.٤٢٢)


یەکێک لە جۆرە گرنگەکانی گەشـتیاری بریتییە لە گەشـتوگوزاری شـوێنەواری (ڕۆشـنبیری)کە لەگەڵ دەرکەوتنی جیهانگیریشـدا زیاتر دەرکەوتووە و ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش لە چوارچێوەی بایەخدان بە شـوێنەوارەکان و ناسـاندنیان و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریە. (الالفی، ٢٠٢٢،ص.٧)

### ٢. سەرای سلێمانی:

سەرای سلێمانی بە یەکێک لە هێما گرنگەکانی شاری سلێمانی دادەنرێت، شوێنی جوگرافی سەرای سلێمانی لە ناوەڕاستی شارە و کەوتوەتە بەشی ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی گەورە، و باکوری ڕۆژهەڵاتی کاسۆمۆڵی ئێستا. کە شوێنی قەڵای "محمود پاشای بابان" لە ساڵێ (١٧٨١ز) دروستی کرد، دواتر "برایم پاشای بابان" شاری سلێمانی لە هەمان شوێن دروستکرد.(ئەمین، ٢٠١٤،ل.١٠٢)، بێگومان هەڵکەوتەی جوگرافی سەرای سلێمانی کە لە ناوجەرگەی شاردا لەسەر بنەمای شاری ناوەکی دروستکراوە، کە یەکێکە لە تایبەتمەندیکانی شاری کوردی، (محەمەد غەریب، ٢٠٢٤،ل. ٧٩) مەبەست لە شاری ناوەکی، ئەوەیە کە هەموو یەکەکانی شار وەک (مزگەوت، کۆشکی میر( دارئەلئیمارە)، بازار ) لە یەکەوە نزیک بن، بە واتایەکی تر( مزگەوت دەبێت بە سەنتەری هەموو یەکەکانی تری شار)، نەخشەی ژ. (٢)

### ٢,١ :مێژووی سەرای سلێمانی :

مێژووی دەرکەوتنی بیناسازی سەرا وەک بیناسازی کارگێری بۆ سەدەکانی( ١٦-١٧) دەگەڕێتەوە دوای زاڵبوونی دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچەکەدا، بۆیە ئەتوانین ئەوە بڵێین، کە مێژووی سەرای سلێمانی دەست پێ ئەکات پاش دروستکردنی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٧٨٤ز.) لەلایەن "برایم پاشای بابان"،(فتاح و محمد،٢٠١٨،ل.١٦٦)، کە "مەحمودپاشا" لەساڵی( ١٧٨١ز ) سەرایەکی دروست کرد لە سەر گردێکی نزیکی دێی مەڵکەندی، بەڵام مەبەستی لەو بینایە (سەرا)بووە، بۆچوون وایە، کە ئەم بینایە، کە وشەی سەرای بۆ بەکار هاتووە بینای کۆشک، یان (قەڵا ) بووە، بە هەموو پێوەرەکان بیناکەی" مەحمود پاشا" بۆ مەبەستی سەرا نەبووە، بەڵگەیەکی تر کە ئەو سەرایەی "مەحموود پاشا" کۆشك بووە، "ڕیچ" لە گەشتەکەیدا باس لەوە دەکات، کە لەکاتی میوانداری کردنی لە کۆشکی "مەحمود پاشا"، چۆن "مەحمود پاشا" باسی مێژووی کۆشکەکەی کردووە بۆ "ڕیچ"، کە باپیرە گەورەی ئەم کۆشکەی دروستکردووە و لە ئێستادا پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە.(ڕیچ،٢٠١٢.ل ٩٩).




نەخشەی ژ. (٢) نەخشەی شاری سلێمانی لە ساڵی( ١٩٢٥ز.): سەرچاوە (بەڕێوبەرایەتی تۆماری خانوبەرەی یەک سلێمانی، دۆسێی (بێ ژمارە ) بە دەستکاریەوە توێژەران

"جمال بابان" پێی وایە سەرای سلێمانی لە سەردەمی ئەحمەد پاشای باباندا بنیات نراوە لە ساڵانی (١٨٣٨-١٨٤٢ز)، بەڵگەی "جەمال بابان" ئەوەیە، کە "ڕیچ" هیچ باسی بینای سەرای نەکردووە، بەڕای "جەمال بابان" "ئەحمەد پاشا"ی بابان خاوەن مێشکێکی کراوە بووە و ئاشنای وڵاتانی ئەوروپا بووە و لە سەردەمی ئەم پاشایەدا میرنشینی بابان خاوەن هێزێکی ڕیکخراو بووە، و بوونی چەندین ڕاوێژکاری سەربازی فەرەنسیـ، کە لە سوپاکەی"ئەحمەد پاشا"دا، "جەمال بابان" پێی وایە ئەمانە هۆکارێکی بەهێزن بۆ بیرکردنەوە لە دروستکردنی سەرا وەك بنکەیەکی کارگێڕی و سەربازی بۆ شار لە سەردەمی "ئەحمەد پاشا"ی باباندا. (بابان،٢٠١٢،ل. ٣٧).


بەڵام لە گەشتنامەکەیدا "ڕیچ" باس لە گفتوگۆیەك دەکات لە نێوان "مەحموود پاشا" و(خۆیدا)دا دەربارەی نیەتی"مەحمود پاشا" ،کە بە تەمایە قەڵایەك یان (بینایەك)ی گەورە دروست بکات و داوای "مەحمود پاشا" لە "ڕیچ" یارمەتی دانی لەم پرۆسەیەدا،(ڕیچ، ٢٠١ر٢،ل.١٤٢ ) بۆیە ئەکرێ نیەتی و مەبەستی "مەحمود پاشا" ئەوە بووبێ، کە بەنیاز بێت سەرا دروستبکات و داوای یارمەتی لە "ڕیچ" کردبێت بۆ دروست کردنی سەرا.

مێژووی دروستکردنی بینای سەرا بە دوو قۆناغدا تێئەپەڕێت، کە بریتین لە: یەکەم سەرا یەك نهۆم بووە و زۆر سادە بووە و بەبێ بوونی هیچ هونەرێکی بیناسازی ئەوتۆی تێدا بەدی بکرێت، ئەگەرێکی زۆریش هەیە، کە ئەو بینا یەک نهۆمیە لەلایەن عوسمانیەکانەوە دروستکرابێت.

(فتاح و محمد،٢٠١٨،ل. ١٦٧ )،( وێنەی ژ. (١).لە ساڵی ( ١٩٢٧ز.) سەرای سلێمانی سەر لە نوێ بە بەرد و گەچ دروست کرایەوە، بینا تازەکە لە دوو نهۆم پێکهاتوە. (بابان،٢٠١٢،ل. ٣٦ )،وێنەی ژ. (٢)




وێنەی ژ. (١)سەرای سلێمانی ساڵی(١٩١٩؟) لە ئەرشیفی سەرای سلێمانی وەرگیراوە.




وێنەی ژ.(٢) سەرچاوە: ساڵحی ڕەشە، ئەکرەمی مەحمود ، شاری سلێمانی

### ٢,٢ پلانسازی سەرای سلێمانی:

لە دوو نهۆمی شێوە چوارگۆشەیدا دروستکراوە، نەخشەی نهۆمی یەکەم و دووەم تارادەیەکی زۆر لەیەك دەچن. زۆربەی ژوور و هۆڵەکانی بەئەندازەیەك دروستکراوە کە سودی زۆر لەڕووناکی ڕۆژ وەرگرن. بەردی نارێك و قسڵ بەکارهاتووە بۆ نهۆمی زەمینی ئەمەش بۆ تۆکمەیی و توانای هەڵگرتنی نهۆمی سەرەوەی. ژمارەی ژوورەکانی نهۆمی زەمینی (٢٣) ژوورن. نهۆمی سەرەوە بە خشتی سورکراوە دروستکراوە، بۆ کەمکردنەوەی قورسایی و پارێزگاری لەگەرمی و ساردی نهۆمی سەرەوە. تەنها یانزە لە ژوورەکانی ئاگردانی تێدایە. نهۆمی زەمینی بە دوو پلیکانە ئەچێتە سەر بۆ نهۆمی یەکەم. دوو پلیکانەی تر ئەچێتەوە سەر بانی بیناکە. هەرچوار گۆشەی بیناکە ژووری گەورە لە خۆ ئەگرێت دیوارەکانی ئەم ژوورانە دەرچونەتە دەرەوە و شێوەی قوڵەی بەبیناکە بەخشیوە، بیناکەی شێوەی قەڵای وەرگرتەوە. دوو حەوشەی کراوەی هەیە لە ناوەراستی بیناکەدا بۆ ڕووناکردنەوەی ڕاڕەوەکان. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣) وێنەکانی ژمارە (٤ بۆ ٥) بۆ تێگەیشتنی لایەنە ئەندازیاریەکانی بیناکە.




نەخشەی ژ .(٣) پێکهاتە و نەخشەی بینای سەرا، لە ئەرشیفی سەرا وەرگیراوە.



وێنەی ژ. (٥) یەکێك لە حەوشەکانی سەرا. ( فۆتۆی توێژەران)



وێنەی ژ.(٤) بەکارهێنای بەردی مەڵکەندی و خشت لە بینای سەرا سلێمانی (فۆتۆی توێژەران )

## ٢,٣ سەرای سلێمانی و کەرتی گەشتیاری:

سەرای سلێمانی مەڵبەندێکی گرنگە بۆ خستنە ڕووی سەروەریەکانی شاری سلێمانی، بۆیە هەمووکات بە بینایەکی گرنگی شاری سلێمانی ناوزەند ئەکرێت، بۆیە بە جێگیرکردنی سەرای سلێمانی بە ناوەندێکی گەشتیاری کارێکی زۆر پێویستە، و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەم بینایە بۆ مەبەستێکی تری جیاواز، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە بنەڕەتدا ئەم بینایە بۆچ ئەرکێک دروستکراوە و دووبارە بەکارهێنانی گونجاو بێت لە گەڵیدا. دووبارە بەکارهێنانەوەی هەر بینایەکی مێژوویی دەبێت خزمەت بە سەنگ و پێگەی بیناکە بکات، (محمد غریب و فتاح،٢٠١٩،ص. ٥٠٣)، بۆیە گونجاوترین بیرۆکە بۆ دووبارە بەکارهێنانەوەی سەرای سلێمانی، ئەوەیە بکرێت بە مۆزەخانە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانرێت بکرێت بە ئوتێل یان بکرێت بە بازاڕی پیشە دەستیەکانی وەک کڵاش چنین و ...هتد.



وێنەی ژ.(٦)ب ئەنجامدانی چالاکی لە ناو حەوشەی بینای سەرای سلێمانی. (فۆتۆی توێژەران)



وێنەی ژ.(٦)أ ئەنجامدانی چالاکی لە ناو بینای سەرای سلێمانی. (فۆتۆی توێژەران)

سەرای سلێمانی گرنگیەکی مێژووی هەیە بۆ خەڵکی سلێمانی، بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی پاراستنی بیناکە لایەنی مێژوویەکەیەتی. سەرا بۆ خەڵکی سلێمانی وەك سومبولێکی بەرخودان و هەمیشە وەك شوێنێکی دیاری مێژوویی یارمەتی دەرە کە بکرێت بە شوێنێکی گشتی وەك مۆزەخانە. لایەنی مێژووی ئەو چیرۆکانەی لە پشتە ئەم بینایەوەن وایانکردوە کە خۆی بسەلمێنێت کە پێویستە بپارێزرێت، چەندین چیرۆکی بەرخودانی ئەم شارە بەم بینایەوە بەستراوەتەوە وەك شەشی ئەیلولی بەرسەرا ( ١٩٣٠ ز.) کەرۆژێکی کارەسات بارە لە مێژووی نوێ شاری سلێمانی و مێژووی رووبەرووبونەوەی داگیرکاری و دەنگ بەرزکردنەوە بەرووی داگیرکەردا لەلایەن دانیشتوانی شارەوە، (نەقشەبەندی، ٢٠١٤،ل. ٨)، بە یەکەم ڕاپەڕینی جەماوەری سلێمانی بگرە لەباشوری کوردستان ئەزانرێت دژ بە ڕژێمی ئەوکاتی عێراق. ڕووداوەکانی ئەم ڕاپەڕینە ڕاستەوخۆ لەبەردەم سەرادا ڕویاندا کە ئەوکات زیندان و بنکەی پۆلیسی تێدا بوو. (شوانی، ٢٠٠٢ ل. ٢٤١)

بۆیە بە بوونی مۆزەخانە هۆکارێکی باش دەبێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ئەم بینایە، سەرباری ئەوەی لە ئێستادا سەرای سلێمانی ڕۆڵێکی باشی هەیە بۆ بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاری لە سلێمانی، ئەوەش بە ئەنجامدانی چەندین چالاکی لە بۆنەکاندا، کە ئیشیان کارێکی باشە بۆ کەرتی گەشتیای، بەڵام کێشەکە لەوە دایە بەردەوام بوونی تێدا نییە، وێنەی ژ.(٦)

### ٣. سەرای کفری:


قەزای کفری شارۆچکەیەکی گرنگی سەر بە پارێزگای کەرکوک بووە، هەروەک کەوتووەتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوەندی پارێزگای موسڵ، لەسەر سنوری بەغداد سلێمانی، هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم شارە بە درێژایی مێژووگونجاو بووە بۆ دروستکردنی و دەرکەوتنی شار، پێکهاتەی دانیشتوانی کفری پێکهاتوون لە کورد و تورکمان و عەرەب، ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بووە، چونکە کەوتووەتە سەر ڕێگەی پۆستەی ئەستەنبول – بەغداد( احمد و صابر، ٢٠٢٥،ل١٠).

لە سیستەمی کارگێری دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕێکخستنی شار لە گەورە بۆ بچووک بۆ نموونە، ئەیالەت، سەنجق، قەزا، ناحیە، گوند ڕیزبەندی بۆ کراوە، لە رووی کارگێرییەوە قەزا، شارێک یاخود شارۆچکەیەک بە گوندەکانیەوە ناوەند بازرگانی و کلتوری بووە.(بکر و حەمەد،٢٠٢٥،ل.٢٧)

ئەتوانین بڵێین کفری یەکێکە لە کۆنترین ئەو ناوچانە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەکاندا وەکو قەزایەک لە چالاکی سیاسی، کارگێری و ئابووری ڕۆڵی خۆی گێراوە، هەڵکەوتەی کفری، لایەنی بیناسازییەکەی و شێوازی بازاڕ و پێکهاتەی کفری وەک پێکهاتەیەکی تایبەت وا بووە و زۆربەشیان ئاماژەیان پێداوە ئەوەی هاتووتە ئەم شارە وەک گەڕیدەکان ( احمد و صابر، ٢٠٢٥،ل١١٣)، بێگومان ئەمە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەندین یەکەی بیناسازی لە شاری کفری وەک خانوو، کاروان سەرا، مزگەوت، خانەقا، تەکیە، خوێندنگە، ئاش، کنێشە جوەکان، لەگەڵ بینای میری وەک (سەرا – قشلە –پولیس خانە). (صفوت بک ، ١٣٢٥، ل ٢٢١.)

هەڵکەوتەی جوگرافی بینای سەرای کفری دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کفری یان ڕۆژئاوای باشوری شاردایە. نەخشەی ژ. (٤)

نەخشەی ژمارە (٤) نەخشەی شاری کفری لە ساڵیَ ١٩٢٥ز.  سەرچاوە (عزیز, سهیل خورشید)




### ٣,١  مێژووی سەرای کفری:

مێژووی سەرای کفری بە ڕوونی دیار نیە، سەرباری ئەوەی بینای ئێستای سەرا مێژووی دروستکردنی دیارە، لە سەردەمی ئینگلیز بووە لە ساڵی (١٩١٩ز.) دەستپێکراوە تا (١٩٢٣ز) تەواو بووە.(نەریمان،١٤،١٩٩٤).

بێگومان مێژووی سـەرا لە شـاری کفری لەو بەرواره کۆنترە، کاتێک لە سـاڵنامە عوسـمانییەکانی ئەوکاتە دەڕوانین دەبینین هەمان ئەو جۆرە بیناسـازی و دامودەزگای جۆراوجۆر و بگرە بەرێژەیەکی زیاتریش لە شـارەکەدا تۆمارکراون، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئەسـەلمێنێ کە بینای سـەرا لە کفری لە سـەردەمی عوسـمانیەکانەوە بوونی هەبووە، بۆ نموونە دەربارەی بنیاتنانی بارەگای حکومەت لە کفری لە سـاڵیَ (١٨٦٧ز)، باس لە ڕاپۆرتی دارایی دەربـارەی خەرج کردنی پـارە بۆ کرینی زەوی و تێچووی دروســتکردنی بـارەگای حکومەت لە قەزای کفری دەکا (ســەرا)، لەسـاڵنامەی سـاڵی(١٨٧٤ز.) موسڵ یش دا هاتووە و دەڵێت ژمارەی پێویسـت بیناو بازاڕ لە قەزاکەدا هەبوون، بە تایبەتی بینای حکومی (١ ) قشــلە، (١)مزگەوت،(٢) خوێندنگە، (٢) تەکیە،(٢) خوێنـدنگەی ڕوشــدییە، (١) خوێنـدنگەی صــبیان(کوران) .( احمد و صــابر، ٢٠٢٥،ل.١١٦) شـایەنی باسـە لەم بەڵگەنامەیەدا باسی بینای حکومەت (سـەرا) نەهاتووە، بەڵام لە سـاڵیَ (١٨٨٨ز) گەریدە "مانسـێل" لە گەشــتەکەیدا بۆ میزۆپوتـامیـا، بـاس لە کفری دەکـات و بـاسی بوونی ســەرایەک دەکـات، کە بـارەگـای قـائیمقـامی شــارەکە بووە . (Maunsell,1980, p. 71) لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١ز)، بینای سەرای کفری چۆڵ کرا، ئەمەش بووە هۆی خراب بوونی دۆخی بینای سـەراکە و توشی زیانێکی گەورە بێت و ببێت بە کەلاوە، بەڵام لە سـاڵی (٢٠٢٢ز) بڕیاری نۆژەنکردنەوەی لەسـەر درا، وێنەی ژ.(٧) شـایەنی باسە تا ئێستاش هەر فەرمانگەی حکومەت تێیدا ماوە وەک بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کفری.



وێنە ژ.(٧)ب کاری نوێژەنکردنی ســەرا لە ســاڵی٢٠٢٢. ( فۆتۆی توێژەران)



وێنە ژ.(٧)أ کاری نوێژەنکردنی سەرا لە ساڵی٢٠٢٢. ( فۆتۆی توێژەران)

## ٢.٣ پلانسازی سەرای کفری:

لایەنی بیناسازی سەرای کفری لە بنەرەتدا لە دوو بەش پێکهاتووە، ئەم دوو بەشە لە ڕووی بیناسازیەوە و هەندێ کەرەستەی جیاوازیان هەیە، ئەتوانین ناوی بەشی یەکەم کە بەقەبارە بچووکە، بەشی دووەمیان قەبارە گەورەیە، بە بۆچوونی ئێمە بەشی یەکەم لە ڕووی مێژووەوە کۆنترە لە بەشی دووەم کە لە ساڵی (١٩١٩-١٩٢٣ز.) ئینگلیزەکان دروستیان کردوە، بەگشتی ڕووبەری سەرای کفری (٢٨٠٤م٢)، ڕووبەری (بیناسازی (٦٠٢)م ٢

بەشی یەکەم بینای سەرا پێکهاتووە لە دوو لاکێشە بەسەر یەکدا کراوەیە، دانەیەک باری درێژی ژورەکان بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات، ئەوەی تریان بە ئاراستەی باشورە، لەگەڵ بوونی هەیوانێک، کە دوو دەرگای و دوو کراوەی لەسەرە، ڕووی هەیوانەکە بە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتە، (بنمچەی ئەم دوو ژوورە لە کەوانی گومەزکراوە، لە یەک نهۆم پێکهاتووە) وێنەی ژ. (٨ ).



وێنەی ژ.(٨)أ وێنەی دیوی دەروەر بەشی یەکەم بینای سەرا . سەرچاوە:(عبید محمد)




وێنەی ژ.(٨)ب وێنەی بەشی ناوەوەی بەشی یەکەمی بینای سەرا.

کەرەستەی بیناسازی لەم بەشەدا کە بەکارهاتووە بریتییە لە گەچ و قسل و بەردی (قایە)، بە بۆچوونی ئێمە مێژووی دروستکردنی ئەم بەشە بۆ ساڵانی (١٨٨٠-١٨٨٨ ز.) ئەگەڕێتەوە

بەشی دووەمی بینای ســەرای کفری لە ڕووی بیناســازیەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەتوانین بڵێین بە کەمی خەســڵەتی بینای کوردی تێدا بەدی دەکرێت، لە ساڵی (١٩١٩ز.) دەست بە دروستکردنی کرا تا ساڵێ (١٩٢٣ز.) تەواو بووە.

بەشی دووەمی بینای سەرا لە دوو نهۆم پێکهاتووە، نهۆی یەکەم  پێکدێت لە (٨) ژوور، لەگەڵ بوونی دەروازە سەرا بە پێوانەی (٢١٠سم بە ٢٠٠)، بەشی سەرەوەی دەروازەکە کەوانەیەکی نیو بازنەیە.

نهۆی دووەمی سەرا لە ڕووی نەخشەوە هەمان نەخشەی نهۆی یەکەمی هەیە، بە بوونی هەندێ جیاوازی لە بەشی داڵانی شێوەی ئەندازەیی چوارگۆشەن، لەگەڵ بوونی پلەکان بۆ سەرکەوتن بۆ سەربانی سەرا، بەشی پشتەوەی سەرا باخچەیەکی گەورەیە.




نەخشەی ژ.(٥) نەخشەی بەشی پێشەوەی سەرای کفری (حمە حسن و علی، ٢٠٢٥،ل ٥٢٧.

ڕووی پێشەوەی بینای سەرا بە بەردی (مەرمەڕی موسڵ) داپۆشراوە.

سروشتی بارودۆخی سەربازی و سیاسی کاریگەری ڕوونی هەبووە بەسەر شێوازی بیناسازی سەرای کفری بەتایبەتی بەشی دووەم کە لە سەردەمی ئینگلیزەکان دروستکراوە، بۆیە ئەندازەی پەنجەرەکانی سەرای بە شێوازێکی باریک دروستکراوە لەگەڵ بوونی دەرگایەکی بەهێز. نەخشەی ژ. (٥).

### ٣,٣ سەرای کفری و کەرتی گەشتیاری:

شاری کفری بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە و پێگەی مێژووی خۆی بووەتە مەڵبەندێکی گەورە و ناوەندێکی دیاری جوڵانەوەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی لە ناوچەکەدا، سەرای کفری لەم ناوەندەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت.

لە ئێستادا سەرای کفری بووەتە جێی سەرنج و سەردانی کردنی بەردەوامی دانیشتوانی نێو شار و دەوروبەر کە گەنجان و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ بەسەر بردنی چەند کاتێک یان گرتنی وێنەی و بە تایبەتی وێنەی ئاهەنگی هاوسەرگیری سەردانی دەکەن (وێنەی ژمارە ١٩) و دیوار و بەرد و مێژووی سەرا دەکەن بەشێک لە یادگاریە بە جۆشەکانی ژیانی نوێیان، بە پێ ئەو داتانەی کە لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری کفری دەستمان کەوتوە کە ڕۆژانە زیاتر لە (٥٠) میوان سەردانی سەرا دەکەن، مانگانە (٦ بۆ٨) بۆنەی و کۆڕ لە سەرا ئەنجام ئەدرێت، (چاوپێکەوتن , محمد, ٢٠٢٥)، بەم شێوەیە سەرا بۆ نەوەکانی داهاتوو بە نەمری دەمێنێتەوە و نەوە بۆ نەوەی نوێ گرنگی زیاتر دەبێت لە بیر و هزری تاکەکانی ئەو شارەدا. (حمە حسن و علی، ٢٠٢٥،ل٥٢٧). بۆ ئەم مەبەستەش حەوشەی پشتەوە و پێشی سەرا بەکار دێت بۆ ئەم مەبەستانە، وێنەی ژ (٩).



وێنەی ژ (٩)أ چالاکی لە حەوشەی سەرای کفری سەرچاوە(عبيد محمد)



وێنەی ژ (٩)ب چالاکی لە حەوشەی سەرای کفری



وێنەی ژ. (١٠) وێنەی ژووری کۆڕی ناو سەرای کفری : سەرچاوە (عبید محمد)

ڕۆڵێکی تری سەرا کفری لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ شاری کفری، ئەوەیە بەکارهێنانی بەشێکی ئەم بینایە وەک مۆزەخانە، لە ئێستادا بەشی یەکەمی ئەم بینایە کە پێک دێت لە دوو ژووری گەورە و کراون بە مۆزەخانە هەندێ کەلوپەلی کۆنی شاری کفری تێدا نمایش دەکرێت، کە ئەمەش کارێکی باشە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ بینای سەرا، و ئەنجام دانی کۆڕ وکۆبوونەوەی ئەدەبی و هونەری لە مۆزەخانەی سەرای کفری، وێنەی ژ(١٠)

سەرباری ئەوەش هەڵکەوتەی سەرای کفری لە شوێنێکی ئیستراتیجی کفریدایە و نزیکی گەڕەکە کۆنەکانی شارە و بازار و مۆزەخانەی کەلەپوری شاری کفری، لەگەڵ بوونی باخچەیەکی گەورە لە پێشی-سەرا، ئەمانە هەموو هۆکاری باشن بۆ گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری لە کفری.

بۆ باشتر کردنی دۆخی سەرای کفری وە ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ گەشتیاران بە باشی ئەزانین هەندێ ڕاسپاردە بخەینە ڕوو بۆ نموونە بەشێکی سەرای کفری وەک هۆتێل و شوێنی مانەوە بەکاربێت بۆ گەشتیاران بە تایبەتی زۆربەی گەشتیاران لە خەڵکی ناوچەکانی خوارووی کفری و کردنەوەی قاوەخانەیەک لە حەوشەی سەرا بۆ گەشتیاران، بۆ بەدەست هێنانی ئەم کارانە لە ناو سەرا باشتر وایە هەوڵ بدرێت بۆ دروستکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری گەشتیاری لە ڕێگەی کەرتی تایبەت، کە ئامانجی سەرەکی ئەوە بێت فراوانکردنی هاتنی گەشتیار، بێگومان هەرچی چالاکیێکی کەرتی تایبەت دەبێت بە سەرپەرشتی و چاودێری لایەنی پەیوەندیدار بێت .

**دەرئەنجام:**

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین لەوانەش:

- بیناسازی کارگێری (سەرا) هێمایەکی بەهێزە بۆ دەسەڵات، بوونی لە هەر شارێکدا نیشانەی بەهێزی پێگەی شارەکەیە، بۆیە لە ڕووی بیناسازیەوە شێوازی بینای سەرا هەندێک مۆرکی سەربازی پێوە دیارە، ئەمەش لەبەر گرنگی بیناکە بۆ شارەکە و بۆ دەسەڵاتەکەش.
- لە شاری کوردیدا کۆشک ئەرکی سەرای گێڕاوە، چونکە میرانی کورد دەسەڵاتی خۆیان لە کۆشکەکانەوە کردەوە، بەڵام لە دوای هەژموون بوونی دەسەڵاتی عوسمانی لە شاری کوردیدا و فراونبوونی شار بیناسازی سەرا دەرکەوت.
- بوونی جیاوازی لە نێوان سەرای سلێمانی و سەرای کفری لە ڕووی ئەندازەییەوە، بێگومان هۆکاری جوگرافیە بۆ نموونە سەرای سلێمانی دوو حەوشەی داخراوەی هەیە لە ناوەندی بیناکەدا، ئەم جۆرە پێویستە لە ژینگەی شارێک کە وەرزی زستانی سەخت بێ، بەڵام سەرای کفری تەنها یەک حەوشەی هەیە لە پشتی بیناکەیە و ڕووی پێشەوەی بینای سەرای کفری داخراوە، ئەوەش بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری گەرمای هاوین سودی دەبێت.
- ڕۆڵی سەرای سلێمانی هێشتا بە باشی گەشەی نەکردوە، چونکە هەر چالاکیێک هەبێ لە سەرای سلێمانی بە بەردەوامی نییە، بە پێچەوانەی سەرای کفری چالاکیەکانی بەردوامە، بەڵام هەندێ کەم و کورتی هەیە.
- هەردوو بیناکە بنەماکانی پاراستن و هێشتنەوەیان تێدایە.
- ئەکرێت هەردوو بیناکە بۆ چەندی مەبەستێک بەکاربهێنرێن، و سودی گەشتیاریان هەبێت، وەک بەکارهێنانیان وەک مۆزەخانە، ئوتێل و هتد...

## لیستی سەرچاوە:


سەرچاوەی کوردییەکان:

1. احمد، سامان حوسین و صابر، دیلمان محمد(٢٠٢٥)، کفری لە نووسین و بەرهەمی ڕۆژئاواییەکاندا، **گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B** زانستە مرۆڤایەتییەکان ژماری تایبەت (کۆنفرانسی کفری لە ڕوانگەی شوێنەوار و مێژووەوە).
2. بابان، جمال، (٢٠١٢)، **سلێمانی شارە گەشاوەکەم** ،بەرگی یەکەم، ەزگای ئاراس، هەولێر.
3. بکر، ئاشتی ڕەحمان و حەمەد، پەیمان عەبدوڵلا(٢٠٢٥) ڕەوشی کارگێر و کۆمەڵایەتی قەزای کفری (سەڵاحیە) لە نێوان ساڵانی (١٧٦٧/١١٨١)-(١٣٣٤-١٩١٨)، **گۆڤاری زانکۆی سلێمانی** B زانستە مرۆڤایەتییەکان ژمارەی تایبەت (کۆنفرانسی کفری لە ڕوانگەی شوێنەوار و مێژووەوە).
4. حمە حسن، گەشبین شەماڵ و علی، ڕابەر ئەنوەر(٢٠٢٥)، بیناسازی شوێنەوار و کەلەپووری لە شاری کفری و ڕۆڵی لە ئابووری گەشتیاری، **گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B** زانستە مرۆڤایەتییەکان ژمارەی تایبەت (کۆنفرانسی کفری لە ڕوانگەی شوێنەوار و مێژووەوە) .
5. ریچ، کلودیوس جەیمس، **گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان** ١٨٢٠،(٢٠١٢) وەرگێرانی، حمەی حەمە باقی، چاپی چوارەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.
6. شوانی، ئاکۆ عبدالکریم، شاری سلێمانی ١٩١٨-١٩٣٢ (٢٠٠٢)، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسیە. سلێمانی، زانست.
7. عزیز، ئارام أحمد، ڕەشید. شیروان عمر، ڕۆڵی کەرتی گەشتوگوزار لە دابینکردنی هەلی کار لە شاری سلێمانی، **گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی**، ژ. 11.
8. فتاح، عثمان توفیق و محمد، علی هجران(٢٠١٨)، گۆڕینی سەرای سلێمانی بۆ مۆزەخانە هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە، **گۆڤاری زانکۆی سلێمانی B** زانستە مرۆڤایەتییەکان ژمارە (٥٨).
9. محمد، کارناس علی و برادوستی، زیدان ڕەشید خان أودل(٢٠٢٣)، شوێنەواری تەلارسازیی کۆشکی مەجید پاشای بابانیی لە ناوچەی گەرمیان، **گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکوڵیینەوەی ستراتیجی**، ژمارە ٩.
10. محەمەد غەریب، عەلی هیجران(٢٠٢٣)، **پلانسازی شاری کوردییەکان لە سەردەمی میرنشینی بابان**، چاپخانەی کارۆ.
11. نەقشەبەندی، حسامەدین عەلی غالب(٢٠١٤)، ڕۆژی ٦ ئەیلولی ١٩٣٠ بەپێی بەڵگەنامەگەلی نهێنی بریتانیا و بەڵگەنامەی تر، **گۆڤاری ژین**، ژمارە ٦، بنکەی ژین، سلێمانی.
12. نەریمان، مصطفی(١٩٩٤)، **بیرەوەریەکانی ژیانم** ، دار الحریة للطبعة، بغداد.
13. ئەمین، نەوشیروان مستەفا(٢٠١٤)، **بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین مێژووی سیاسی کوردستان** ، کتێبی سێیەم- بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار العربیة للعلوم- ناشرون، بیروت.
14. سەرچاوەی عەربیەکان:
15. النعمان، رائد سالم احمد(٢٠٠٩)، **خصائص التنظيم الفضائى لأبنية القصور الاسلامية** ، مجلة الرافدين الهندسية، عدد ١٧ ، مجلد ٥.
16. دينوا، سيلفي(٢٠١٤)، **المدن المؤسسة فى العالم العربى من القرن السابع الى القرن الحادى عشر**، المدينة فى العالم الاسلامي، مج. الاول، تحرير ،الحبوسى، سلمى الخضراء وأخرون، بيروت ،.
17. عبد الله كامل موسى(بدون سنة)، **المسلمون وأثارهم المعمارية حتى نهاية عصر الخلفاء الراشدين**، موسوعة العمارة الاسلامية (المجلد الاول)، قاهرة.
18. محمد، عمرو اسماعيل(٢٠١٩)، **تخطيط المدن فى العمارة الاسلامية**، الناشرون.
19. ئالەيى، عبدالله خورشيد(٢٠١٢)، **العمائر الأسلامية فى العمادية و نواحيها حتى نهاية القرن الثانى الهجرى** ، الثالث عشر الميلادى، ط. الاولى، دار سبيرير للطباعة و النشر ، دهوك.
20. غباشى،عادل محمد نور(١٤٠٦هـ)، **دراسة لبغض العمائر العثمانيه يالهفوف**، أطروحه دكتوراه غير منشور، كليه الشريعة و الدراسات الاسلاميه، جامعه ام القرى، بمكه المكرمة، المملكه العربية السعودية.
21. الباشا، حسن(١٩٩٠)، **مدخل الى الاثار الاسلامية**، دار النهضة العربية، القاهرة.
22. الحداد، محمد حمزه أسماعيل(٢٠٠٢)، **العماره الاسلامية في أوروبا العثمانية**، مج. الاول، ط. الاولي، كويت .
23. القاصى، شوكت محمد لطفي عبدالرحمن(١٩٩٨)، **العمارة الاسلامية فى مصر(النطرية و التطبيق)** ، أطروحة دكتواره غير منشور ،قسم العماره ، كلية الهندسة، جامعه اسيوط.
24. النجار، جميل موسى(١٩٩١)، **الادارة العثمانية فى ولاية بغداد**، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولى، القاهرة .
25. الالفى، سعاد زكى (٢٠٢٢)، **دور الاعلام فى التنمية السياحية المستدامة**، مجله القاهرة للخدمة الاحتماعية، العدد ٣٥.
26. الطائى، جميد عبد النبى(٢٠٠٩) ، **أصول صناعة السياحة**، الوراق للنشر، عمان الاردن.
27. محمد غريب، على هجران و فتاح(٢٠١٩)، عثمان توفيق، المباني التراثية في مدينة السليمانية من الاثدار الى العيان فندق فرح و بيت صوفي كريم، **بحوث المؤثمر العلمي الدولي الثالث** ( اثار وتراث كوردستان).

سەرچاوەی بیانی:

1. صفوت بک، عزتلو(١٣٢٥هـ)، **موصل ولايتى سالنامەسى**،، سالنامه رسميسيدر، موصل مطبعة ولايتده طبع اولنمشدر. (مطبعة سنده طبع أولنمشدر).

2. Maunsell، L.(1890)، **Recon naissances in Mesopotamia**، **Kurdistan**، North-West Persia، and Luristan from April to October 1888، Volume I، PRINTED AT THE GOVERNMENT CENTRAL PRINTING OFFICE SIMLA

چاوپێکەوتن:

عبید محمد, بەڕێوبەری شوێنەواری کفری, لە دایک بووی ١٩٦٨ز. لە بەرواری ٢٠٢٥/٢/٢.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-8

# The Role of Sulaimani and Kfri Sarays in the Revival of Tourism Sector

**Ali Hijran Mohammed Gharib[1], Osman Tawfiq Fatah[2]**

Department, College, University, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **April 2025** |
|---|---|
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**P Keywords: Palace Construction, Archaeological Tourism, Sulaimani_ Kufri, Renovation.**

**Corresponding Author**

ali.gharib@univsul.edu.iq
othman.tawfeeq@univsul.edu.iq

**abstract**

This paper explores the historical and cultural significance of the Sarays in Sulaimani and Kfri, two prominent cities in South Kurdistan. These Sarays have historically served as administrative centers, symbolizing political authority and architectural identity within their respective cities. Although their architectural styles differ—reflecting unique regional influences—they both embody the quintessential characteristics of traditional palace design. Over time, both palaces have undergone renovations, leading to changes in their functions. Currently, the Sulaimani Saray serves a limited role, hosting minor activities without a specific purpose. In contrast, Kfri Palace has been repurposed as the site of the Kfri Archaeological Directorate and has become a prominent tourist attraction. It hosts various social, cultural, and artistic events, contributing to the cultural vitality and tourism industry of the region.

This study emphasizes the factors that motivate the adaptive reuse and growth of such historic buildings. It examines how repurposing these palaces—particularly by deploying them as cultural centers or tourist attractions—can foster economic development, promote cultural preservation, and enhance regional identity. By analyzing these factors, the paper aims to propose sustainable strategies for transforming historic palaces into vibrant spaces that attract visitors and contribute to the social and cultural fabric of South Kurdistan.